**زانكۆی سەلاحەددین/ هەولێر** **پرسیارەكان لەبارەی ناوەرۆكی بابەت** **قۆناغ: سێیەم**

**كۆلێژی ئاداب / بەشی ڕاگەیاندن** (٢٠٢١-٢٠٢٢) **بابەت: وێنەگرتنی ڕۆژنامەوانی**

................................................................................................................................................

**چەند پرسیارێک لەبارەی ناوەرۆکی وانەی وێنەگرتنی ڕۆژنامەوانی و تەلەڤزیۆنی:**

١. پێناسەی هەریەک لەمانەی خوارەوە بکە:

أ. دایفرام IRIS_ Diaphragm

ب. بەدەنی کامێرا Camera Body

ج. هاوێنە Lens

د. شەتەر (داخەر) Shutter Speed

هـ. دووره تیشکۆ (البعد البؤري)

٢. باس لە جۆرەکانی گرتە بەپێی قەبارە بکە.

٣. وێنەی رۆژنامەوانی چییەو تایبەتمەندییەکانی چین؟

٤. جۆرەکانی هاوێنە بژمێرەو باسییان بکە.

٥. یاسای سێ یەک روونبکەوەو باس لەجۆرەکانی گرتە بکە، بەپێی ژمارەی کەسی.

٦. جیاوازی چییە لەنێوان شەتەری میکانیکی و شەتەری ئەلیکترۆنی؟

٧. پێناسەی کامێرا بکەو بەشە سەرەکییەکانی باس بکە.

٨. جۆرەکانی کامێرای ژمارەیی(دیجیتاڵ)، بژمێرەو باسییان بکە.

٩. باس لە جۆرەکانی گرتە بەپێی قەبارە بکە.

١٠. ئەو خاڵانەی لەکاتی وێنەگرتندا پێویستە رەچاوبکرێن بیانژمێرەو بەکورتی باسییان بکە.

١١. پ نیشانەی راست و چەوت لەبەرامبەر ئەم رستانەی خوارەوە دابنێ:

١٢. ئەگەر ژمارەی دایفرام کەم بکەینەوە، بڕی ئەو رووناکییەی، کە دەچێتە ناو کامێرا زیاد دەکات.

١٣. خێرایی شەتەر لەکاتی وێنەگرتنی بابەتی پێشبڕکێ و وەرزشیدا کەمدەکرێتەوە.

١٤. لە گرتەی گشتگیر(Long shot)دا، وێنەی کەسەکە لەسەر چۆکییەوە تاوەکو سەری دەردەچێت.

١٥. هاوێنەی(Telephoto)، دووره تیشکۆی زیاترە لە هاوێنەی(Wide angle).

١٦. گۆشەی بینین بریتییە لەو گۆشەیەی کە پانتایی وێنەکەی تیادا بەدی دەکرێ و وێنەکەی تیادا تۆمار دەکرێ.

١٧. جۆرەکانی وێنەی ڕۆژنامەوانی لەڕووی ناوەرۆکەوە بژمێرەو باسییان بکە.

١٨. ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وەڵامی راست پڕبکەرەوە:

١٩.كامێرای .................. ئاوێنەی نییە بۆ گواستنەوەی وێنە بۆ(View Finder)
٢٠.هاوێنەی خاوەن دوورە تیشکۆی................ گۆشەی بینینی هاوشێوەی چاوی مرۆڤە.
٢١.لە چوار کەس زیاتر تا نزیکەی ٢٠ کەس بەگرتەی ....................... ئەژمار دەکرێت.
٢٢.گرتەی.................... قەبارەی ئەم گرتەیە سەری مرۆڤ بەتەواوی و تا گەردەنی لەخۆدەگرێت.
٢٣.ئەو گۆشەیەی کامێرا، کە بەشێوەیەکی ئاسۆیی وێنەی تەنەکە دەگرێت، یاخود کامێراکە لەئاستی چاوی کەسەکان دادەنرێت پێیدەگوترێ.......................
٢٤. جیاوازی چییە لەنێوان کامێرای سادەی بەتوانای بچووک(Ultra Compact)، لەگەڵ کامێرای شارەزا(DSLR)؟
٢٥. چوارچێوەی وێنە(frames)، چییەو بوارە سەرەکییەکانی چین بیانژمێرەو باسییان بکە.
٢٦. گۆشەکانی کامێرا(Camera Angles)، بژمێرەو بەکورتی باسییان بکە.
٢٧. وای دابنێ تۆ لە دەزگایەکی میدیایی کاردەکەیت و دەتنێرن بۆ رووماڵی خۆپیشاندانێک، چۆن دەتوانی زۆرترین و جوانترین وێنە بۆ دەزگاکەت تۆمار بکەی؟
٢٨. ئەگەر لە شوێنێک وێنە بگری و سەرچاوەی رووناکی کەمبێت، چۆن وادەکەی وێنەکانت رووناک و جوان دەربچن؟ ئەمە روونبکەوە بە نموونەوە.
٢٩. ئەگەر تۆ لە نمایشێکی ئەسپ سواری بی، چۆن کامێراکەت رێکدەخەی، تاوەکو جوانترین وێنە بگری؟
٣٠.ئەگەر لە هۆڵی میدیا کۆنفرانسێکی زانستی بەڕێوە بچێت، پلانێک دابنێ بۆ ڕووماڵێکی تەلەڤزیۆنی. پێویستمان بە چەند کامێرا دەبێت، بۆچی؟ هەماهەنگی و پەیوەندی نێوان جێبەجێکار و وێنەگر لە چ ڕێگەیەک دەبێت؟ ڕوونی بکەوە.
٣١.بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی کە پێکهاتووە لە پێشکەشکارێک و دوو میوان، پلانێک دابنێ بۆ دانانی کامیرا، وەڵامی ئەم پرسیارانە لە پلانەکە بخەڕوو:

- چەند کامێرا پێویستە؟ چۆن کامیراکان دابەش دەکەیت؟
- لەکاتی پەخشی بەرنامەکەدا وێنەگر و جێبەجێکار لە چ ڕێگەیەک پەیوەندی بەیەکترەوە دەکەن؟

**بەئومێدی سەرکەوتن**

**مامۆستای بابەت**
**بەشدار حسێن**